# کاریگەریی کولتوور لەسەر پێشکەوتنی مرۆڤایەتی..!

بەشی سێیەم

دارا مەحمود

کولتوور ڕیشەی گشت جیاوازییەکانە

ماکس فێبەر

## 6-پەنابردن بۆ توندو تیژی:

پەنابردن بۆ توندو تیژی یەکێکی ترە لە سیما هەرە دیارەکانی کولتوری نەریتیی. مرۆڤی ناو کۆمەڵگایەکی نەریتی بەحوکمی لاوازبوونی فکری و دەوڵەمەند نەبوونی ئەنباری مێشکی بە زانیاری و زانست و ئەزموون، لەبەرانبەر پرسە دژوارەکاندا هەڵچوون لەخۆی نسیشان دەدا. ئەم دیاردەیە لەسەر ئاستی تاك و خانەوادەو کۆمەڵگاو دەوڵەت سیمایەکی ئاشکراو حاشا هەڵنەگرە. بە لوتکەی هەرەسەرەوەی دەسەڵات دەستپێدەکات و بە بنکەی فراوانی کۆمەڵگا کۆتایی دێت. و سەرتاپای پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای ڕاعی و ڕەعیەت دامەزراوە. گۆچانی ڕاعی هەمیشە ئامادەی لێدانەو ڕەعیەتیش ملکەچ. مرۆڤە بە هێزەکان توندو تیژی بەرانبەر لەخۆیان لاوازتر دەنوێنن و لاوازەکانیش بەرانبەر لەوان لاوازتر تا دەگاتە ئاژەڵ و دارو درەخت و موڵکوماڵی بێ گیان. منداڵ لە ماڵ و قوتابخانە لە ژێر شەقەی زللەو قامچی پەروەردە دەبێت و کە گەورەش دەبێت گرێکوێرەی نواندنی توندو تیژی بەناخی دەروونییەوە دەچەسپێ و جارێکی تر بەسەر کەسانی لەخۆی لاوازتری دادەڕێژێتەوە. ئەمە لەسەر ئاستی گشتی تر و فراوانتریش هەر ڕاستە. بۆ نموونە ئێمەی کورد کە ساڵانێکی دوورو درێژ قوربانی توندو تیژییەکی لە ڕادەبەدەری بەعس بووین. کەچی خۆمان جارێکی تر هەمان توندو تیژی بە شێوازی جیاواز لەسەر ئاستی سیاسەت و حوکم پەیڕەودەکەینەوە. بێگومان مەرج نییە پەیڕەوکردنی توندو تیژی بە شێوازی ڕاستەوڕاست و ئاشکرا بێت. بەڵکو کاریگەرییە دەروونییەکان، پێشێلکردنی یاسا، گەندەڵی، نابەرابەریی، دروستکردنی هەلومەرجی ترسان و دڵەڕاوکێ و نیگەرانی خەڵك لە دوارۆژ، ناچارکردنی خەڵکی بۆکۆچکردن و ڕووڵەهەندەران کردن، تەشەنەکردنی نەخۆشیەکۆمەڵایەتییەکانی وەك بڵابوونەوەی لەڕادەبەدەری ئەلکول و مادەبێهۆشکەرەکان. و..هیتر خۆیان پەرەپێدەری توندو تیژین چونکە کاتێك تاك لە سیستەمی حوکم و یاسا هیوابڕبوو، ناچار بە دەستی خۆی و لە ڕێگای پەیڕەوکردنی توندو تیژی و گەلەکۆمەکی و تۆڵەسەندنەوەوە هەوڵدەدات مافەکانی خۆی بەدەست بهێنێت. و لە هەموو کێشەو گرفتەکاندا یەکەمین چارەسەرییەك و بەڕواڵەت ئاسانترینیان ڕێگای شەڕو توندو تیژی و هەڕەشەو ترساندن و چاوسوورکردنەوەیە. لەکاتێکدا کە پێویستە ئەمە دوایین چارەسەریی بێت.

پەرەسەندنی هەلومەرجی توندو تیژیی، تاك ناچار دەکات خۆی لە گروپدا بتوێنێتەوەو بەهای ئەم تواندنەوەیەش ملکەچکردنە بۆ گروپ و دەستهەڵگرتنە لە داخوازی و ئارەزووەکانی خۆی. تاك بۆ

ئەوەی نەکەوێتە بەر زەبری گروپ بە پێی ڕێساکانی گروپ ڕەفتار دەکات و تەنانەت سادەترین مافی لە جل لەبەرکردن و ئارایشتکردن و خواردن و پەیوەندییەکانی پەیوەستەی گروپە. بەمجۆرە دەستێوەردانی گروپ لەسەر ژیانی تاك و یانیش تاکێك لە ژیانی تاکێکی تر دەگاتە ئاستی هەرە بەرزی خۆی و سەرئەنجام کۆمەڵگا دەبێتە زیندانێکی فراوان بۆ تاك. و کولتوورێکی وا دروست دەبێت کە دەتوانین ناوی لێ بنێین کولتوری بارکرن، کولتووری قورسکردنی کۆڵە باری ژیان، کولتووری گلەیی و توانج و سەرئەنجام کولتووری زۆرداریی.

بێگومان لەکۆمەڵگا مۆدێرنەکانیشدا توندو تیژی هەیە و ئاماری چەندو چۆنی ساڵانەی توندوتیژی لە کۆمەڵگا دینامیکییەکاندا جێگای نیگەرانی دەولەت و خەڵك و دامودەزگا پەیوەندارەکانە. بەڵام ئەوەی لەهی کۆمەڵگا نەریتییەکانی جیادەکاتەوە مۆتیفی ئەو توندوتیژیانەو ئاست و سنووری بەرفراوانبوونییەتی. توندو تیژی لە کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و دینامیکیدا بەشێك لە کولتووری کۆمەڵگا نییەو لەلایەن کۆمەڵگاوە ڕەتدەکرێتەوەو مرۆڤێك کە وەك خەسڵەتێك توندو تیژی لەخۆی نیشان بدات سەرئەنجام ڕووبەڕووی یاسادەبێتەوەو بەهایەکەی دەبێ بدات. و یانیش وەك نەخۆشییەکی دەروونی هەڵدەسەنگێنرێت و دەرمان و چارەسەری بۆ تەرخان دەکرێت. لەمەش گرنگتر نواندنی توندو تیژی بەتاك سنووردارەو پەیڕەوکردنی لەسەر ئاستی گروپ کارێکی دەگمەنە.

## 6- گەندەڵی:

گەندەڵی هەروەك ئارنۆلد هایدن هایمر لە کتێبی گەندەڵی سیاسیدا دەڵێت: بریتییە لە بەدەستهێنانی سامان و دەسەڵات بە ڕێگاو ئامرازی نایاسایی و بەدەستخستنی ئامانجی تایبەتی بە خەرج و پارەی گشتیی.9

گەندەڵی لەهەموو کۆمەڵگایەکدا هەیە. بەڵام ئاستی کەمی و زۆریی و کاریگەری و ڕەهەندەکانی لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە. ئەو ئامارانەی لەم ڕووەوە لەبەردەستدان بە ڕاشکاوی ئەمە نیشاندەدەن کە لەکۆمەڵگا نەریتی و دواکەوتووەکاندا گەندەڵی لەئاستی هەرەبەرزی حۆیدایە.

لە ئامارێکدا کە ساڵی 1998 ئەنجامدراوەو 84 وڵاتی جیهان دەگرێتەوە دەبینین دە وڵاتی هەرە گەندەڵ بەمجۆرەی خوارەوە ڕیزکراون:

کامیرۆن، پاراگوای، هندوراس، تانزانیا، نێجیریا، کۆلۆمبیا، ڤنزوێلا، ئەکوادۆر، روسیا، ڤێتنام.

هەروا دە وڵاتیبش کە کەمترین ئاستی گەندەڵیان تێدایە بەمجۆرەیە:

دانمارك، فنلەندا، سوێد، نیوزیلەندا، ئایسلەندا، کەنەدا، سنگاپور، هۆڵەندا، نەرویج، سویسرا...10

شایانی گوتنە کە لەم خشتە ئامارییەدا تەنیا ئەو وڵاتانە هەیە کە بەشێوەیەکی فەرمی ڕێگا بە دامودەزگاو نێوەندەکانی نوێژینەوە دراوە بۆ گەڕان و لێکۆڵینەوە. لەبەر ئەوەی لە هەندێك وڵاتی وەك عێراق(سەردەمی حوکمی سەدام)، ئێران، سوریا ...ئەم بوارە لە ئارادا نەبووە ناویان لەو ئامارەدا نەهاتووە.

دەبێ ئەمەش بڵێین کە ساڵانە لە لایەن دامودەزگا پەیوەندارەکانەوە خشتەو ئاماری نوێ بڵاو دەکرێتەوە بەڵام گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نایەت و وڵاتان بەچەند هەڵکشان و داکشانێکی کەم

جێگە گۆڕکێ بەیەکتر دەکەن و لەئامارو توێژینەوەکانی ساڵی 2005 کە لە دامودەزگاکانی ڕاگەیاندندا بڵاوکرایەوە وڵاتی ئایسلەندا وەك پاکترین وڵات لەڕووی گەندەڵییەوەو وڵاتی ئەفریقایی (چاد)یش وەك گەندەڵترین وڵات ڕاگەیەنرا.

لە پەیوەندی لەگەڵ دیاردەی گەندەڵیدا یەك لە جیاوازییە هەرە سەرەکییەکانی نێوان دوو کولتووری دینامیکی و نەریتیدا شێوازو چۆنییەتی چارەسەرکردنییەتی. لە هی یەکەمیاندا گەندەڵی تا ئەو جێگایە دەتوانێ بەردەوام بێت کە گەندەڵکاران نەناسراون و بەناسینیان ئیتر دادگا وەئەستۆیان دەگرێت و باز بەسەر کەسدا نادرێت و ساڵانە چەندان نموونەی دادگایی کردن و لەسەرکارلابردنی سەرەك دەوڵەت و وەزیرو بەرپرسانی تری هەرە باڵای حزبی و حکومی دەبیسین و دەبینین. بەڵام بۆ نموونە لە کۆمەڵگایەکی وەك هی خۆمان کە جۆری نەریتییە گەندەڵی بە جۆرێکە  مومارەسەکردن و ئەنجامدانی تەنانەت شەرمیش نییە. بەرپرسێك بە ئاشکرا و ڕەنگە شانازیشی پێوە بکات کە لەو نێوەندەی ئەو تێیدا دەسەڵاتدارە خزم و کەسوکاری لەسەرکار دامەزرێنێ. بەرتیل وەرگرێت و پارەی دەوڵەت بۆخۆی سەرف بکات. خۆ واسیتەپێکردن مایەی خۆ هەڵنانەوەو نیشانەی بەرزی شەخسیەتی واسیتە پێکراوەو بەمجۆرە واسیتەو واسیتەکاری کارێکی زۆر سادەیە کەبەردەوام لە پەیڕەوکردندایەو هیچکام لەواسیتەکەرو واسیتەپێکراو بەکارێکی ناشایست و نایاسایی نازانێت. ئەمە لەوردترین کاری دەوڵەت تا دەگاتە بەرزترین بەدادگاکانیشەوە دیارەو کەس پێی ناشاردرێتەوە.

شێوازێکی تری گەندەڵی ئەمەیە کە هیچکەس خۆی بەرپرسیار نازانێت و هۆکاری گرفتەکان دەخاتە ئەستۆی خەڵکانی ترو . لە ئاکامدا هەلومەرجەکە بەوجۆرەی هەیە بەردەوام دەبێت و بێ چارەسەری دەمێنێتەوە.

کۆمەڵناسی ئەمریکایی مایکل فایر بانکس ڕووداوێکی واقیعی سەرنج ڕاکێش دەگێرێتەوە. کە پێموایە ئەوەندە دەهێنێت ئێمەش کورتیەکەی بۆ خوێنەری کورد تەرجەمە بکەین و واتاو عیبرەتی لێ هەڵێنجین.

فایر بانکس دەڵێت: کۆمپانیای مانیتۆر بۆ کۆمپانیا دەوڵەتی و تایبەتەکانی کۆلۆمبیا کاردەکات و لە ڕێگای توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی جۆربەجۆر پێشنیازو ڕێنمایی پێشکەش دەکات تا بەرهەمهێنەرانی چەرم لە کۆلۆمبیا بۆ ناردنە دەرەوەی ئەم بەرهەمە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا فرۆش و سامانی زۆرتر بەدەست بخەن. ئەم کۆمپانیایە لە ئەنجامی توێژینەوەکانیەوە دەبینێت نرخی جانتای چەرمی ژنانە کە لە کۆلۆمبیا دروست دەکرێت بەرزترین نرخی فرۆشتنی هەیەو لە ڕووی چۆنیەتیشەوە خراپترینن. کۆمپانیای ناوبراو بۆ لێکۆڵینەوە لەم گرفتەو چارەسەرکردنی لە کۆلۆمبیا سەردانی ناوچەی (ئاند) دەکات. نوێنەرانی کۆمپانیای ناوبراو سەرەتا چاویان بەبەرهەمهێنەرانی چەرم دەکەوێت. پرسیاری هۆکاری نرخی باڵاو خراپی جۆرەکانیان لێ دەکەن لەئەنجامدا بەرهەمهێنەران دەڵێن کە خەتای ئەوان نییەو ئەوان بەو جۆرە چەرمەکانیان لە کارگەکانی پێستەخۆشکردن(دەباغخانە) وەردەگرن. و چەرمی خراپ و گرانیان پێ دەفرۆشن. پاشان نوێنەرانی کۆمپانیای ناوبراو بە هەمان مەبەست سەردانی کارگەکانی پێستەخۆشکردن دەکەن و ئەوانیش دەڵێن خەتای ئەم کارە لە ئەستۆی ئێمە نییە بەڵکو خەتای قەسابخانەکانە کە هێندە گرنگی بەکەوڵکردنی

ئاژاڵەکان نادەن و بەچەقۆ کونکونیان دەکەن. دوای سەردانی قەسابخانەکانیش قەسابەکان دەڵێن: خەتای ئێمە چییە ئێمە ئاژەڵەکان بەوجۆرە لە ئاژەڵدارەکان وەردەگرین و ئەوان بۆ ناسینەوەو بزرنەکردنی ئاژاڵەکانیان ژمارەی تایبەت لە پێستەکانیان هەڵدەکۆڵن یان دەیسوتێنن. و بەمجۆرە پێستەکانیان خراپ و کون کون دەبێت. لە ئاکامدا سەردانی ئاژەڵدارەکان دەکەن و ئیتر دوای ئەوان کەسێك نامێنێت تا چاویان پێی بکەوێت. و ئاژەڵدارەکانیش دەڵێن خەتای ئێمە نییە مانگاو ئاژەڵەکانمان بۆ خۆیان تەمبەڵ و گێژن و بۆ خۆخوراندن و دوورخستنەوەی جرۆجانەوەر لەخۆیان خۆیان بەسەر تێل دڕوودا دەدەن و هەموو پێستی خۆیان بریندارو کون دەکەن. و لە ئاکامدا ئەوەی نوێنەرانی کۆمپانیای ناوبراو بەدەستیان خست ئەمەبوو کە بەرهەمهێنەرانی چەرم لە کۆلۆمبیا ناتوانن بێنە ناو بازاڕی مونافەسەوە چونکە گاو ماڵاتەکانیان تەمبەڵ و گێژن.! 11

ئەمە لە چیرۆکێکی منداڵان دەچێت، بەڵام لە واقیعدا نە چیرۆکەو نە هەڵبەستراو بەڵکو لەکۆمەڵگایەکدا کە گەندەڵی دەگاتە بینەقاقاو هەستی لێپرسینەوەو کۆنترۆڵ و ڕۆڵی پۆزەتیڤانەی دەوڵەت دەگاتە ئاستی هەرەنزمی دەبێ چاوەڕوانی ئەم جۆرۆە دیاردانەش بکەین.

## 7- دوو چەمکی کارکردن:

لە کولتووورە دینامیکییەکاندا کارکردن کاکڵی ژیانێکی شایستەیەو نەك تەنیا لە ڕووی ماڵییەوە، بەڵکو لەسەر ئاستی ڕێزو پەسەندی کۆمەڵگاش سەرچاوەی خوڵقاندن و داهێنانە. و بەشێکی جیانەکراوەی ژیانی ڕۆژانەی تاکەو سەرجەمی گشت پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگاش پەیوەستەی کولتووری کاری سەخت و ماندونەناسانەی تاکەکانیەتی. بەڵام لەکۆمەڵگا نەریتییەکاندا چەمکی کار واتایەکی تری هەیەو تەنانەت چەمکی دراووسەرمایەو سوود لێوەرگرتن و بەکارهێنانیشی شێوازو واتای تریان هەیە. لەکۆمەڵگای دینامیکیدا پلەو پایە پەیوەندی بەکارو چالاکی شەخسییەوە هەیە، هەر لەبەر ئەمەشە ڕکەبەرایەتی و پێشبڕکێ و نائارامی و دڵەڕاوکێ سیمای کۆمەڵگای داینامیکییە کە تاکەکانی بەردەوام لەملانێدان بەڵام لەکۆمەڵگای نەریتیدا پلەو پایە لە ڕێگای خانەوادەو یانیش بەگشتی لە ڕێگای کولتوورەوە دەگوازرێتەوە.

لە ناو هەرکۆمەڵگایەکدا بێ گوێدانە جۆرو ئاستەکانی پێشکەوتنی، دوو جۆر بایەخ هەیە: بایەخە زاتییەکان Talcott parsons و بایەخە کالاییەکان 12. Instrumental بایەخە زاتییەکان بەوجۆرە بایەخانە دەگوترێت کە بێ گوێدانە سوودو زیان پەسەند دەکرێت. نیشتمانپەروەریی بایەخێکە دەکرێ قوربانی بۆ بدەین و گەرچی ڕەنگە لە بەرامبەر ژیانی مرۆڤێك یان پتردا زیانبەخش بێت. بەڵام بەدرێژایی دیرۆکی مرۆڤایەتی سەدان ملیۆن مرۆڤ لە پێناوی خاکەکەیاندا گیانییان لەدەستداوە. بەپێچەوانەوە بایەخی کالایی بایەخێکە بۆیە پەسەند دەکرێت چونکە ڕاستەوڕاست سوودمان پێدەگەیەنێت.

لەکۆمەڵگا دینامیکییەکاندا کارکردن بایەخێکی زاتییەو لەکۆمەڵگا نەریتییەکاندا بایەخێکی کالاییە. ئەمە بەو واتایە لەکۆمەڵگا نەریتییەکاندا دەکرێ تاك لەگەڵ گەیشتن بەئاستی خۆشگوزەرانی وساماندارbوون واتایەك بۆ هەوڵدان و داهێنان و پێشکەوتن نەبینێت. ئابووری کۆمەڵگایەکی وەها

هیچکات ناگاته حاڵەتی پایەداربوون و هەردەم لێکترازانی شیرازەی ئابووری لە ئارادایەو بۆ ئەوەی وەها حاڵەتێك بەدینەیەت دەبێ چەمکی کارکردن لە بایەخێکی کاڵاییەوە ببێتە بایەخێکی زاتی. و هەوڵدان و کارکردن و داهێنان ببنە ئامانجی هەمیشەیی و بەگەیشتن بە ئاستی خۆشگوزەرانی کۆتاییاتن پێ نەیەت. دیارە گەیشتن بە ئاستی خۆشگوزەرانی ئامانجی سەرەکی هەر تاك و کۆمەڵگاو سیستەمێکی حوکمە. بەڵام لەمەگرنگتر توانای وڵاتێکە بۆ خۆڕێکخستن لەدەرەوەی تەوەری سوودمەندبوون بەمەبەستی خۆشگوزەرانی تاکەکانی یەك کۆمەڵگا. ئەمەش بەگەشەپێدانی زانست و سەرمایەگوزاری و داهێنان و بەرهەمهێنانەوە دەبێت. بۆ پتر ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە پەنا بۆ نموونەیەکی سادە دەبەین کە بەشێکمان لە ناویدا دەژین.
کوردانی پەنابەر لە ڕۆژئاواو بەگشتی زۆربەی هەرەزۆری خەڵکانی سەر بە کولتوورە نەریتییەکان کە لە ڕۆژئاوا دەژین بە کارێکی نا لۆژیکمەندانەی دەزانن کارێك بکەن دەستکەوتی مانگانەی کەمتر یان بەرابەری ئەو بڕەپارەیە بێت کە سۆشیال بۆ بێکارانی دەبڕێتەوەو دەگوترێت: مادام هەر ئەو بڕەپارەیە بێت ئەدی زەحمەت و ماندووبوون و چەشتنی سەرماوگەرماو بێخەوی...بۆچی؟ بەڵام ڕۆژئاواییەك کە بایەخە کولتوورییەکانی ئەو جیاوازن وەها ناڵێت. بەهەمان بڕە پارەیە کاردەکات و عارەق دەڕێژێت. و ئەگەر لێی بپرسی جیاوازی ئەم کارەت لەگەڵ ئەوەی پارەی سۆشیال وەربگریت چییە؟. وەڵام دەداتەوە کە جیاوازییەکەی ئەوەیە من کاردەکەم. واتای (من کاردەکەم)یش باش دەزانێت چی دەگەیەنێت و مەبەستی چییە. مەستەکەشی ئەوەیە کە لەحاڵەتی بێکاریدا پارە لە خەزێنەی دەوڵەت وەردەگرێت. بەڵام لە حاڵەتی کارکردندا ( لەڕێگای باج وماڵیاتەوە) پارە دەخاتە سەر خەزێنەی دەوڵەت.
لایەنێکی تری زۆرگرنگ لەپەیوەندی لەگەڵ ئەم خاڵەدا ئەوەیە کە (چەمکی سامان) یش لە هەریەك لە دوو کۆمەڵگای ناوبراودا واتای جیاوازیان هەیە. لە کۆمەڵگای دینامیکیدا سامان بەرهەمی کارو کۆششە. بەڵام لەکۆمەڵگای نەریتیدا سامان لەبەردەستی دەسەڵاتداران و دەورو بەرو ئەوکەسانەدایە کە جێگای پەسەندی ئەوانن. و لەهەر کۆمەڵگایەکی نەریتیدا لەشکرێك ساماندارو مووچەخۆر دەبینینەوە کە بچوکترین کارێك ناکەن و تەنیا بەو ئیمتیازەی دەسەڵاتدار یان پەراوێزی دەسەڵاتن سامان خڕدەکەنەوە.
هەربۆیە لەکۆمەڵگای نەریتیدا ژیان سادەو بێ ناکۆکی گەورەیە. وەفاداری و هاوکاری! جێگای مونافەسە کە کاکڵی پێشکەوتنە ئابووری و ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگای دینامیکییە، دەگرێتەوە.

## 8- پەروەردەو فێربوون:

لەکۆمەڵگای دینامیکیدا پەروەردەو فێربوون ڕۆڵێکی گرنگ لەبەردەوامی گەشەسەندن و نوێکاری و داهێنان دەگێڕێت و لە ڕاستیدا گەشەسەندن، بەبێ هەبوونی ئەم ڕۆڵە مەحاڵ دەبێت. سیستەمەکانی پەروەردەو فێربوون ئەو بوارە بە تاك دەبەخشن و ئەو هەلەیان بۆ دەڕەخسێنن کە خۆیان بە ڕاستییەکان بگەن و بەدەستی بخەن. لەحاڵێکدا لە کۆمەڵگا نەریتییەکاندا پەروەردەو فێربوون جۆرێکە لە شوشتنەوەی مێشك. کە یەك ئایدیۆلۆژیاو یەك باوەڕو یەك دید ویەك مەزهەب و یەك

دەسەلات...بەسەر تاکدا دەسەپێ و ڕێگای هەڵبژاردن و دیتنەوەو داهێنان بەگشتی لە تاك دەگیرێت. جا هەر لەم ڕێگایەوە لە کولتورێکی دینامیکیدا مرۆڤەکان فێردەبن ژیان بەوجۆرە ببینن کە ئەو شتەیە ئەوان دەبنە هۆی ڕوودانی. واتا مرۆڤەکان خۆیان قارەمانی ئەو چیرۆکەن کە ناوی ژیانە. بەلام لەکولتوورێکی نەریتیدا ژیان ئەو شتەیە کە بەسەر مرۆڤەکاندا ڕوودەدات و لەئاکامدا ئەوان تەسلیم و ملکەچ دەبن.

## 9- دوو دید بۆ دیموکراسی:

کولتووره نەریتییەکان میراتگری سەرکوتکردن و زۆرداری و بێدادین. و تەنانەت کاتێکیش جۆرێك لە دیموکراسی دێتە ئاراوە ئەو دیموکراسییە بەیەك ئاستدا دەڕوات و چاو لە ئاستەکانی تر دەپۆشێت. و لە ئاکامدا هەر دەسەلاتی ڕەها حوکم بەسەر خەڵکیدا دەکات. لەحاڵێکدا دیموکراسی بریتییە لە پرۆسەیەکی فرە ڕەهەندی و سەرتاپای ژیان لە بچووکترین لایەنییەوە تا گەورەترینیی دەگرێتەوە. هەروا لە کۆمەڵگا نەریتییەکاندا دیموکراسی پرۆسەیەکە دوو خاڵی دەستپێك و کۆتایی بەیەکەوە دێن و یانیش زۆر لەیەکترییەوە نزیکن. لە حاڵێکدا لە کۆمەڵگایەکی دینامیکدا دیموکراسی پرۆسەیەکە کۆتایی نییەو وەك هەر شتێکی تر ئەویش لەگۆڕان و پەرەسەندنایە.

## 10- خۆبەراوردکردن لەگەڵ سیمبۆلدا:

جیاوازییەکی ڕیشەیی تر لە نێوان دووکولتووری دینامیکی و نەریتیدا ئەمەیە کە کولتووری کۆمەڵگای دینامیکی لەبەرانبەر خۆیدا سیمبۆل درووستدەکات. بەلام لەوەی دووەمیاندا لەبەرانبەر سیمبۆلدا خۆی درووستدەکات. ئەمە بەو واتایەیە کە کولتووری نەریتی کولتوورێکە توانای داهێنانی کەمەو هەمیشە لەو سیمبۆل و نموونانە دەگەڕێت و سوودیان لێ وەردەگرێت کە کۆمەڵگا دینامیکییەکان خوڵقاندوویانە.

کاتێك ڕۆژئاوا دیموکراسی، مۆدێرنیتە، شۆڕشی تەکنەلۆژیای....هێنایە کایەوە نەگەڕا بۆ سیمبۆلێك کە ئاستی پێشکەوتنەکانی خۆی لەم ڕووانەوە پێ بپێوێ بەڵکو خۆی سیمبۆلەکانی درووستکردو بەردەوامیش دروستیاندەکات.. بەلام لە کولتووری نەریتیدا بۆ هەر دەستپێشخەرییەك مرۆڤەکان بۆ نموونەیەکی ئامادە دەگەڕێن.

## 11- پێوەرەکان:

هەر وەك چۆن هەموو شتێکی مادی پێوەری خۆی هەیە شتە مەعنەویەکانیش هەروا. لە کۆمەڵگایەکی دینامیکیدا: هونەرو هونەرمەند، ڕۆشنبیر، نووسەر، کوردایەتی، پیاوەتی، ژنایەتی، شەرەف، خیانەت، عەدالەت، ئازادی، ،...هتد خاوەنی پێوەری ستانداردن و کاریان پێ دەکرێ بەلام لەکۆمەڵگای نەریتیدا بەگشتی هەڕەمەکیەك بە کارەکانەوە دیارەو ڕۆڵی پێوەرە ستانداردەکان کاڵ دەبنەوە.

بۆ نموونە، پیاو لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی خاسیەتێکی بە دوای خۆی خستووە ناوی ناوە پیاوەتی و بەم پیاوەتیەشی چەندان ئیمتیاز لە کۆمەڵگاوە بەدەست دەخات، لە حاڵێکدا پیاوەتی جگە لە لایەنە ڕەگەزییەکەی کە نێر بوونە هیچ پێوەرو پێناسەیەکمان نییە کە ڕادەو ئاستی ئەم پیاوەتیە دەست نیشان بکات. هەزاران زۆرداری بەرامبەر ژن، منداڵ، کۆمەڵگا، مرۆڤایەتی...دەکات و دەڵێ من پیاوم.
یان نموونەیەکی تر: واژەی خیانەت! لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکاندا مرۆڤەکان چ لەسەر ئاستی عەوام یان لە سەر ئاستی دامودەزگاو بەرپرسیارێتی، زۆر بە ئاسانی لەسیاسەتدا واژەی خیانەت دژی یەکتر بەکاردەهێنین! لەحاڵێکدا ئێمە پێوەرێکمان نییە بۆ خیانەت! هێشتا لەگەڵ یەك ڕێك نەکەوتووین کە خیانەت چییە.
یان واژەو چەمکی شەرەف! ڕۆژانە ئەم واژەیە بەچەندان شێواز، وەك خاسیەتێکی چاك یان خراپ بەکاردێت و دەیدەینە پاڵ بەرانبەرەکەمان. و هەرلەناو خۆماندا بەهەوای شان پێوەرێکمان داناوە بۆ شەرەف و چوارچێوەدارمان کردووە بە پەیوەندییە نادرووستەکانی نێوان ژن و پیاو و لەم ڕووەوە تەواوی هەڵسەنگاندنەکانمان لەسەر بنەمایەکی ناعەقڵانی و نازانستیانە داڕێژراون. هەر لەبەر ئەمەش کە ئەم خاسیەتە وەك بایەخێکی هەرە سەرەکی لە کولتووری ئێمەدا چاوی لێدەکرێ بەشێوازە هەرە خراپەکەی بەکاری دەهێنین و ماف ژیانی پێ لە خەڵکانی تر دەستێنین.
جا هەر لەبەر ئەوەی لەکولتووری نەریتیدا پێوەر نییە مرۆڤەکان بێ ئەوەی بۆ نموونە هونەرمەندبن وەك هونەرمەند دەناسرێن، هەروا ئیتر ئەمە دەربارەی نووسەر، داهێنەر، پسپۆر، مامۆستا، سیاسەتمەدار...هتد هەر ڕاستە. و سەرەنجام سەرتاپای ژیانی ئەو کۆمەڵگایە شێوازێکی هەڕەمەکی بە خۆیەوە دەگرێت.

## - ماویەتی-


<u>سەرچاوەو پەراوێزەکان:</u>

1-لارنس هریسون- ساموئل هانتینگتون- اهمیت فرهنگ. ترجمه انجمن توسعه مدیریت ایران. موسسه انتشارات امیرکبیر- تهران1383 ل27

2- دکتر منوچهری محسنی- جامعەشناسی عمومی. انتشارات طهوری چاپ هجدهم تهران-1382 ل206-207.

3- هەمان سەرچاوە. هەمان لاپەڕە.

4- لارنس هریسون- ساموئل هانتینگتون. سەرچاوەی پێشوو. ل123

5- هەمان سەرچاوە ل499

6- دکتر محمد حسین فرجاد- اصول و مبانی جامعە شناسی انتشارات اساطیر. تهران- 1372 ل69-72.

7- دکتر منوچهر محسنی. سەرچاوەی پێشوو ل211

8- دکتر حسین بشیریه- جامعەشناسی سیاسی. نقش نیروهای اجتماعی در زندگی سیاسی. نشرنیز چاپ ششم 1379- تهران ل253

9- لارنس هریسون- ساموئل هانتینگتون. سەرچاوەی پێشوو.ل226

10- هەمان سەرچاوە ل228

11- هەمان سەرچاوە ل456

12- هەمان سەرچاوە ل 124